سەید حەکیم: خزمەتکردنی خەڵك و پەیوەندی پێوەکردنیان بنەمای کاریگەری ڕاستەقینەیە

سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشمانییەکانی دەوڵەت و سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی پێشووازی لە کۆمەڵێك سەرکردە و کادیرانی رەوتی حیکمە لە نەجەفی پیرۆز کرد و لەم دیدارە باسی سەرکەوتنی پرۆژەی شەهید میحراب و مەرجەعییە و عەزیزی عێراق کرا (نهێنیان پارێزراو بێت) و ئەوپ رۆژەی بە بە پەیامێك وەسفکرد و داوای کرد سەیری کاروانی پێغەمبەری خودا و ڕێڕەوی ئەو بکەن کە پرۆژەکەی بڵاوکردەوە وێرای ئەو هەموو شاڵاوانەی بەرامبەری کرا بۆ لەناوبردن و سووکایەتی کردن بە پڕۆژەکەی.

بەڕێز حەکیم سروشتی پەیوەندی نێوان ئامانجکردن و کاریگەریکردن ڕوونکردەوە و ڕایگەیاند کە تا مرۆڤێک کاریگەرتر بێت، زیاتر دەبێتە ئامانج- هاوکێشەیەک کە کەس لێی بێبەری نییە، هەورەها داوای باوەڕپێنانی بە پڕۆژەی حیکمە و تێگەیشتن لێی و پابەندبوون پێی و پێشخستنی کرد، هەروەها جەختی لەسەر گرنگی ڕاگەیاندنی ئاشکرای ناسنامەی بزووتنەوەکە و کردنی بە مایەی شانازی و شەرەف کردەوە و جەختی لە گرنگی گواستنەوەی لە قۆناغی بڵاوکردنەوە بۆ قۆناغی کاریگەر کردەوە، هەریەکەیان بەپێی تواناکانیان و ئەو پابەندبوونەی بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن بە پڕۆژەکە.

سەماحەتی حەکیم سەرکردەی کاریگەر بە کەسێک وەسف دەکات کە توانای کۆکردنەوەی توانای تیمەکەی و دەرهێنانی باشترینەکانیان هەبێت. داواشی کرد جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەوانەی سەرلێشێواون و ئەوانەی ئەجێندای شاراوەیان هەیە لەکاتی چارەسەرکردنی ناڕەزایەتیەکاندا، ڕوونیشیکردەوە کە زۆر بەی ئەوانەی سەریان لێ شێواوە قوربانی هەڵمەتی بەئامانجگرتن و زانیاری ناڕاست بوون. جەختی لە گرنگی خزمەتکردنی خەڵک و پەیوەندیکردن لەگەڵیان کرد...